# لەپاش دەستوور ململانێکان لەکوێی هاوکێشەی سیاسی عێراقدان

هۆشیاری عەبدول عەزیز
hoshyarebdelaziz@yaho.com

هەرپێکهاتەو قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی ، بۆ خۆی هەلگری کۆمەلێك پرۆژەو بڕیاری تایبەتە و بەبێ خوێندنەوەو شرۆڤە کردنیشی مەحالە بتوانێ لە کات وساتی خۆیدا و بەشێوەیەکی بابەتیانە کار لەسەر جێ بەجێ کردنی بکات بەتایبەت لەکاتێکدا کە تابلۆی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ئەوقەوارەیە تێك چڕژاو ئالۆز بێت و سەرلەبەری دەرنەکرێت ، چونکەهەرپرۆژەو بڕیارێك لە دۆخێکی ئاوهادا بێتە بەرهەم ئەوا بێگومان پرۆژەو بڕیارێکی کرچ و کال و ناسەقامگیرەو ناتوانێ بەپێی پێویست ئاستەنگەکان ببڕێ و ببێتە هۆکاری بنەبڕکردنی قەیران و تەنگەژە ئامادە بووەکان .

دیارە لەم سەروبەندەدا کە قسەلەسەر سەرکەوتنی یان سەرنەکەوتنی پرۆسەی ڕەشنووسی هەمیشەیی عێراق دەکرێت دەبێت بیرلەوە بکەینەوە کە ئاخۆ هەلو مەرجی سیاسی وکۆمەلایەتی ئێستای عێراق کە پڕە کێشمەکێش و ململانێی هەمە جۆر دەتوانێ فاکتەرێك بێت بۆ ڕەخساندنی ساتەوەختی سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو ئامانج و پرۆژەو بڕیارانەی کە عێراقیەکان بەگشتی و کورد بەتایبەتی خەون بەئاراستە کردنیانەوە دەبینێت و دەیەوێ لەبەرامبەرایان بگەیەنێ و بیکاتە بنەماو مەرجی سەرکەوتن و کارتی گوشار لەو پێکهاتەیەدا کەئەوی تیا بەرجەستە بووە ، ئەمە مەسەلەیەکە دەکارێ لەم دۆخە دژوار و تێکچڕژاوەی ئێستای عێراقدا هەلوەستەی لەسەر بکرێت و بخرێتە بابی گفتوگۆ وە چونکە من بەجیاواز لەزۆربەی زۆری ئەو دید وتێڕوانینانەی لەسەر دەستور هەنە پێم وایە لە ئیقراری دەستورەوە ململانێ ئەتنیکی و ئاینی و سیاسی یەکان زیاتر گەشەدەکەن و گەورە دەبن چونکە وەك لەسەرە وەرا ئاماژەم پێدا لە دۆخە قەیراناوی و پڕ کێشمەکێشەکاندا پرۆژە و بڕیارەکان ناسەقامگیرن و ناتوانن ببنە ئامرازی بەرەو پێشبردنی خواستەکان ، واتا لەنێو دۆخێکی ئاوادا مەسەلەکان بەردەوام ئاوەژوون و هیچیان پێناکرێ چجای ئەوەی کە دەستوور بنوسرێتەوە ،

نوسینەوەی دەستوور لەسەر بنەماو ستراکتۆری کۆمەلێك کانتۆنی لەیەك جیاواز ك ئێستای گۆڕەپانی سیاسی عێراقیان کۆنترۆل کردووە بۆ خۆی جێگەی پرسیارە ، چونکە هەر لەچرکە ساتی یەکەمەوە و لەنێو دەستی ئەو کانتۆنانەدا دەرکەوت کە کەش وهەوای ململانێکان گەرمن و بینەوبەرەیەکی دژواریشی نایەوە بەتایبت ئەوکاتەی کە کورد وعەرەبی سوننە وشیعە لەسەر سەکۆی گفتوگۆی ئامادەکردنی ڕەشنوسی دەستووری عێراق دانیشتبوون هەریەکە و بەلایەکدا کاری لەسەر بنەماکانی ئەو دەروازەیاسایە دەکرد کە لەدونیای پێشکەوتوودا بنەمایەکە بۆ ژیان و لە زۆربەی زۆری ولاتاندا پشتی پێ دەبەسترێ ، چونگە دەستوور تەنها یاساو ڕێسایەك نییە بۆ کات وساتێکی دیاری کراوو ئیتر دوای ئەو ماوەیە تۆ بە ئارەزووی بەرژەوەندییە سیاسی وکۆمەلایەتی وئابوورییەکانی خۆت هەموو ڕۆژێ جارێك دەست لە نیوەڕۆکی وەردەیت وهەلیسوڕێنی ، لە زۆر لە ولاتانی خۆرئاوا دەستوور یان ڕاستر بیژم یاسای گشتی ولات

که هەڵسووڕێنەری کۆی مەسەلە جیاجیاکانە بەردەوام وەك بنەمایەك ومەرجەعێکی یاسایی پشتی پێ دەبەسترێ، کەوایە کاتێك دەستوور دەچەسپێ ئیتر تەواوی مەسەلە بنەڕەتییەکانی تایبەت بەو کۆمەڵگایە لەو رێچکە یاساییەدا خۆیان دەگرنەوەو کاری لە سەر دەکرێ ،کەچی لێرە بە پێچەوانەی زۆر لەو ولاٌتانە بە بێ درك پێ کردن کانتۆنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق کەوتنە نێو گێرمەوکێشەی خاڵ وخاڵبەندییە گشتییەکانی نوسینەوەی ئەو رەشنوسەوە کە خەڵك سالأنێکە لە چاوەڕوانی شێوە دەستورێکی مۆدێرن وبابەتیانەداو لە نێو گێژاوێکی ناحاڵیبووندا دەخولێنەوەو بەردەوام بە دووی پرسیارەوەن بۆ ئەم مەسەلەیە،لە دەرەنجامەکانی نێو جیاوازییەکاندا کەوتنە پینەوپەڕۆکردنی ئەو دەروازەی یاساییەی کە خەون بە ناوەڕۆکییەوە دەبینرا.ئەمەیان مەسەلەیەکەو بمانەوێ ونەمانەوێ پەیوەستە بە ئاستی گشتی وشیاری سێ پێکهاتەوتێڕوانینی جیاوازی کلتووری وکۆمەلأیەتییەوە کە هەر لە سەرەتای دروست بوونی عێراقەوە بوونە هەیەو گرفتە لە نێو کۆمەڵگادا،کاتێکیش پێکهاتەکان لە جیاوازیدا بژین چۆن دەتوانرێ پێداویستیەکانی دامەزراندنەوەی عێراقی سێ پارچە دەستەبەر بکرێ،ئەمەیان پرسیاری بنەڕەتییەو دەکرێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ،چونکە هەر لایەنێك لەو لایەنانەش کە لە پرۆسەی نوسینەوەی رەشنووسی دەستووردا بەشدا بوون بۆخۆیان هەوڵیان داوە ئەم یەکگرتنە پینەوپەڕۆییە لە سەر واقیعی خۆیان بکەنە دیفاکتۆو کار لە سەر بنەمای گۆڕاکارییەکانی بکەن ئەمەش بە بێ گەڕانەوە بۆ واقیعی کۆمەڵگاو ئەو شیکردنەوەو خوێندنەوانەی کە لە لایەن رۆشنبیران وخەڵکی ئاساییەوە ببوە جێگەی پرسیارو گفتوگۆ ئەمە بەدەر لەوەی کە گۆڕانکاریەکانیش لە هەناوی واقعی سیاسی عێراقدا پەیوەستە بە ئاست ورادەی وشیاری کۆمەلأیەتی جەماوەری عێراق بەهەرسێ تێڕونینە جیاوازەکەیەوەو پابەندیشە بە کاردانەوەی ئەو قەیران وتەنگەژانەی کە لەئێستا و ڕابردوودا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵو کاریگەری خۆ هەیە و دەوری دەبێ لە فۆرمەڵە کردن و سەلماندنی هەر بڕیار و ڕاسپاردەیەك کە عێراقیەکان بە سێ ڕەهەندی کلتوری ، کۆمەلأیەتی ، ئابوری جیاوازەوە دەیانەوێ ئایندەی خۆیان دیار بکەن ، لێرەدا نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کەلەم پێکهاتە سیاسی وکۆمەلأیەتی و ئابورییەی عێراقدا و لەنێو مارکێتی سیاسەتی نوێی دیموکراسی و جیهانگیریدا مەسەلەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق ڕێڕەوی تەوافقیان گرتۆتەبەر و کاری لەسەر دەکرێت ، لە ڕابردووی پاش ڕزگار بوونی عێراقیشدا لەژێر دەستی دیکتاتۆری هەموو شتەکان بەتەوافوق بەڕێ خراوە ، تەوافوق هەنگاوێك بووە بۆ چەسپاندنی خواست و ئامانجەکانی لێکدانەوەی ستراتیژی سیاسی ئەمریکا لە ناوچەکەدا .

چونکە کاتێك ئەمریکا پڕۆژەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی گەورەی تاوتوێ دەکرد ئەلەوکاتەدا پێویستی بەوە هەبوو کە عێراقیەکان لەو دۆخەدا لەسەر بنەمای تەوافوق هەنگاو بهاوێژن ، ئەمریکا وەك تاکە زل هێزی جیهان پرۆژەیەکی پێش وەخت و ئامادەکراوی لەبەردەست بوو بۆ یەکخستنەوەی عێراق ئەمیش لەسەر بنەمایی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لەناوچەکەدا وبەرجەستەکردنی جەمسەرێکی وەها کە بتوانێ خودی سیاسەتی ئەمریکای بەلاوە گرنگ بێت ، ئەو جەمسەرەش بەپێی تێڕوانینی ئەمریکا بەعێراقی یەك پارچە وەکی جاران ناپارێزرێ ، چونکە ئەمریکا زۆر هەوڵی دەدا براوەیەك لە دۆخی نوێی عێراقدا بکاتە

وێستگەی كرانەوەی ئەو ئامانجە سیاسیانەی كە بەرژەوەندیكانی دەپارێزێ لەناوچەكەدا بەڵام  كاتێك بینی پێكهاتەی سیاسی عێراق پێكهاتەیەكی ئاڵۆز و فرە ڕەنگە پاشگەز بویەوە و هەوڵی دا شێوازێكی نوێتر بگرێتەبەر كە بتوانێ بەرژەوەندیەكانی بپارێزێ ، كە ئەمە ئامانج و تێڕوانینی ئەمریكا  بێت چۆن و بەچی شێوەیەك دەتوانرێ مەسەلەكان ئاسانكاریان تیابكرێت و دۆخێكی ئارام بەرجەستە ببێت .

هەر بۆیەشە من بڕوام وایە لەنوسینەوەی دەستوریشدا ئەمریكا ڕۆڵی پلەیەكی گێڕا و هیچ كاتیش نایەوێ ئەو دەستورەكەبنەمایەكی تەوافوقی پێوە دیارە بكاتە باگراوەندێكی بابەتیانە و گەلانی عێراق بتوانن لەسایەی دا بژین ، چونكە كە بەند و خاڵبەندیەكانی نێو دەستورەكە دەخوێنیتەوە و بەراوردیان دەكەی بۆخۆی دەردەكەوێ كە چی ململانێ و كێشمەكێشێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری دوور مەودای لەخۆگرتووە ئەو ململانێ و كێشمەكێشانەش دەر ئەنجام قوڵ دەبنەوە و بەریان بەرفراوان دەبێ و لەبەرفراوان بوونیشیدا دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەو خواستەی كە ئەمریكیەكان پرۆژەو نەخشەی تایبەتیان بۆ داڕشتووە ، بە هەموو ئەمانەشدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە ڕەشنوسی دەستوور ڕەشنوسێكە بۆ لێكترازاندنی عێراق و هەنگاوێكیشە بۆ درێژكردنەوەی خواست ستراتیژی ئەمریكا لەناوچەكەدا ، چونكە پێكهاتەی سیاسی عێراق هیچ كات ناتوانێ كار لەسەر ئەو بنەما دژبەیەكانەی نێو دەستوور بكات و بەشێوەیەك لەشێوەكان بتوانێ یەك پارچەیی خاكی عێراق بپارێزێت كە لە بنەڕەتدا چەند پارچەیەكەو بە یەكەوە لكێندراون، تێكڕای لایەنە سیاسیەكان قسەیان لەسەر دەكرد بۆیە لێرەوە ململانێكان لە هاوكێشەی سیاسی نوێی عێراقدا زیاتر سەر هەڵدەدەن و گەورە دەبنەوە و دەبنە هۆكاری لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستوورەی كەزۆرێك لە ئێمەومانان بە بەڵێ و نەخێر لە دەرئەنجامەكانی بەگومان بووین. گومانیشی تیانی یە كە هەرچ بەڵێ هەیە و هەرچی نەخێرە تۆزقاڵێك لە ئەمانج و ستراتیژی ئەمریكا ناگۆڕن لەناوچەكەدا و ناتوانن بننە فاكتەری یەكگرتنەوەی ئەو عێراقەی كەلەسەر بنەمای پینەو پەڕۆ یەك خراوەو دەخوازرێ بگەڕێندرێتەوە دۆخی رابردوو،ئەو رابردوەی كە ساڵەهایە لە نێو كێشمەكێشی هاوكێشە سیاسی وكۆمەڵایەتیەكاندا دەناڵێنێ وتەواوی بەها جوانەكانی ژیانی ئەم كۆمەڵگا لەیەكدراوەی خنكاندووە.